

# نامێق

# نامێقی مەلا بەزێن

گولله ئاژینم کەن وەک خوله پیزه        سەر دانانەوێنم بۆ ئەو پیاوە حیزە  (گۆرانی لە سەر خوله پیزه)

لە سیلەی قەبران هاوارە، حاکم بمدا لە سێدارە،  قەت نانێم مەیلی ئەو یارە    (حەسەن زیرەک)

چەتە و چەتەگەری دیاردەیەکی باڵکێش و سرنج ڕاکێشی کۆمەڵگای کوردەواری بوو کە هەڵگری ئاکاری تاک ئانکۆ کۆمەڵی بچووکی وەڕز و هەراسان بووی کۆمەڵگاکە بوو کە پشت بە بنەمای گیانی یاخی بوون و خۆبەدەستەوە نەدان و نەبەزین و نەڕووخان لە دژی دەسەڵاتی داگیرکەر ئەیاندا بە کەژ و کێوا و زۆر کات تا ئەمردن شەریان ئەکرد . ئەوەی تاکە کەسێک وەک حەمە تاڵی بانە و سەی عەتا و هەروەتریش کۆمەڵێکی بچووک وەک ئەوەی نامێق و خولەپیزە ئەچوون بە گژ دەسەڵاتی زڵ و زەبەلاحی داگیرکەر ، ئەو گیانە نەبەزەی خەڵکی کوردستان دیاری ئەکات کە حەمەدۆک ئاسایی بیر لە چەند و چۆن و لێکدانەوە ناکات وەک لەو دوو دێڕە هۆزانەی سەرەوە  دەرئەکەوێ یان وەک ئەوەی مام هەژار لە مەڕ ئەڤینداری و خۆشەویستی مێرووڵەی گراوی ئەڤین ، لە وەرامی پاشای دوور لە ئەویندارى ، ئێژێ ڕاگواستنی کێوێک داوای دڵدارەکەیەتی و ئەوەی بۆی ئەکرێ یان نا ، ئیتر لە کارا نیە ( لێکدانەوە لە فرمانی ئەویندارى جێگەی نیە ) . کرداری چەتە ژی وەک ئەم چیرۆکەی مێروولەکەی هەژار وایە .

یاخی بوونی مرۆڤ بە گشتی و ئی دە کوردان بە تایەبەتی ، خۆرسک و سروشتی یە . یەکەم یاخی بوونی منال لە یاخی بوون لە دایک و باوکەوە دەس پێ ئەکاتن . یاخی بوون بنەمای دەروون ناسیی دیاردەی چەتە لە کوردەواری بوو کە پێشمەرگەش (ئی دە کۆن ) ئەگرێتەوە و هەر ئەمەش ئەوان لەوانەی ئیرۆ لە باشوور وەک پیشە پێشمەرگایەتی ئەکەن جیا ئەکاتەوە . گیانی یاخی پێشمەرگە دەبا ڕێزی لێ گیرابا و بپارێزرابا . گۆچانەکەی دەستی مام و قژ رنینەکەی

، ئەڕای وێنە ، ئەمەی ناس نەئەکرد و بووە هەوێنی ئاریشەی قووڵ . چل ساڵ لەمەوبەر ویستم ئەم دیاردەی یاخی بوونەی مرۆڤ بە چیرۆکە ڕۆمانێک بە ناوی یاخی ڕوون بکەمەوە کە پێشمەرگایەتی یاخی بوونە و سەری نەگرت بۆم .

تا پێش ئەوەی چاچیەکەی مهاباد ناوی پێشمەرگەمان لۆ دابهێنێ ، شەڕی چەتەگەری بۆ شەڕی پارتیزانی کە تازە هاتبووە ناو فەرهەنگی کوردی ، دائەنرا و گەر هەڵە نەبم ئەمین زەکی بەگ ئەڕای ئەو مەبەستە بەکاری ئەهێنا . خەڵکی ئاسایی کورد لە چەتە نەئەترسان و جۆرە ڕێزێکی تایبەتیان هەبوو بۆیان و وەک لە مامە عەبەی مالوومە کە لەگەڵ خولە پیزە بوو ، بیستم خەڵک یارمەتیان ئەدان .

چەتە وەزەنی قورس و گرانی بۆ خەڵک و نەمازە خەڵکی هەژار و ئاسایی نەبوو . لە سلێمانی کاتێک خەڵکێک کڵاوی ئابووری لە سەریان ئەنرا دەیانگوت ، ئێ قەی ناکا ، وای دائەنێم کە لە کەلی گۆیژە ڕووتیان کردوومەوە. ئەمەش تێ ئەو واتا کە خراپترین کردەی چەتە (ڕووت کردنەوە) وەک دەسبڕ و گوێ بڕێکی شاران ئەبینرا . مەلا سەید ڕەشید ، فەقێی قانع ئەیگێڕایەوە کە جارێک قانع تووشی چەتە دێت و کابرای چەتە ئەیکا بە هات و هاوار و هەڕەشە و گۆڕەگۆڕ . قانع بە هەندی وەرناگرێ و بە یەک لە فەقێکانی ئیژێ "بەردی گەورە نیشانەی لێ نەدانە –پەیڤی عەجەمی" هەرە پێش لێی . فەقێ ئازایانە خۆی لە چەتەکە نزیک ئەکاتەوە و بە دەنگی بەرز تێی ئەخوڕێ و کابرای چەتەش راست و چەپ دوو قوناخە تفەنگی تێ ئەسرەوێنێ و تەختی ئەکات . ئەو جا قانع ئەچێ بە هاواریەوە و ئیژی هەستە کوڕم بەخوا بۆ تۆ نیشانە لیدانە . گەر دوو برا کورەکانی شوان ئەحمەد کە لە بۆکان تیر باران کران وەگەرد قوڵەئاغاکانی بۆکان کە بەدرۆ بوونە کمۆنیست و لایەنگری کرێکاران و زەحمەتکێشان لە کوردستان ، بەراوەرد بکرێتن دێ ڕوون دەبێتەوە کێ هەڵگری دژایەتی خەڵکی هەژار بوو . بە هەر هەموو چەتەکان بە قەدەر قوڵەئاغایەکی بە ڕەچەڵەک مەغوول زوڵم و ستەمیان لە خەڵک نەکردوە.

لەم دواییانەدا کۆمەڵێک نەزان و هێڕ وەک پ ک ک کە نامۆن بە فەرهەنگی کورد و مێژووەکەی ، دەستەواژەی چەتە بەمەست ، خراپ بەکار تێنن و هۆڤ و پیاوکوژان و تێرۆریستی ئیسلامی داعش بە چەتە ناو ئەبەن . ئەمەش لە کاتێک دایە کە خەڵکی شارەزا لە مێژووی فەرهەنگی کوردی ئەزانن کە چەتە ناو و ناوبانگی فرە خراپی نیە . ئەمەی پ ک ک لە فەرهەنگی داگیرکەرانەوە سەر چاوە ئەگرێتن و دووپاتی ئەو "عەسابە و ڕاهزەن و سارقی موسەلەح"ی داگیرکەرانە کە ئەیان دایە پاڵ خەباتکارانی سیاسی و چەکداریی کورد و تا ئەو ڕادەیە ڕۆیشتووە کە کابرای خۆ بە مێژووزانی کورد، بۆ دەسەڵاتی سیاسی باشوور کاوێژی ئەکاتەوە .

چیرۆکی حەمەدۆکی یاشار کەماڵ کە مەلا عەبدوڵای حەسەنزادە(حەیاکی) وەریگێڕاوەتە کوردی نەک هەر هیچ بۆنی خراپی و سووکایەتی چەتەی لێ نایەت ، بەڵکو پێمان ئووشت کە ئەوە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و مێژوویی بوو کە ئەشێ لێی تێبگەین . سەردەمی قولیزادەی شای عەجەمان فیلمی سینمایی " سادق کوردە" ساز کرا کە گیانی یاخی تاکە کوردێکی نیشان ئەدا کە دەستی دابووە چەک و بە تەنیا باڵی دژی ئەو ناپیاوەتیەی لەگەڵی کرابوو شەڕی ئەکرد . وەک لە حەمەدۆک و سادق کوردە دەرئەکەفێ گرفتی چەتە پتر کۆمالایەتی بوو و فڕی بە سەر سیاسەتەوە نەبوو ، هەر چەند ئی دە خۆلەپێزە هەنەک جیاوازترە . ئەمەیچ ئەو چتەسە کە نامێق و هەڤالانی بەرەو چەتەگەری پاڵ پێوە نا .

((ناوی حەمەدۆک ( ئینجە مەمەد= حەمە چکۆل ) سۆرانی نیە و لەوانەیە مەلا عەولا لە نازناوی باوکی قاسملووی ئاغای وەرگرتبێ کە ئاغاکانی کوردستان بۆ حەمەئاغای کوێرە سوننی باوکی قاسملوو بەکاریان ئەهێنا بە مەبەستی گچکە کردنەوەی و ئەوەش ئەزانرا کە قاسموو دژی ئەو ناوە بوو ))

نامێق پیاوێکی ڕانک و چۆخەی موراداخانی لە بەر و کەڵەگەت و لە سەرەخۆ و خاوەن ئاکار و ڕەوشتی بەرز و زانا بوو . دەست بە پشتەوە ، پیاسەی بەرەو ماڵ لە سەروژووریەکەی جادەکەی ( نامەوێ ناوی پیسی ئەو جادە کە بە سەرمان دا پراببوو بهێنم) گەڕەک هێمای ئەو پیاوە بوو کە بەشێک لە مێژووی شارەکە و دۆخی ژیانی خەڵکی کوردی نەخشاند . پێش ئەوەی دەست داتە چەک و شەڕی دەسڵاتی داگیرکەر بکات ، وەک خەڵکی شارەکە (سەقز) – ئەمەیچ تایبەتمەندێکی دیکە فەرهەنگی کوردە کە هەرکەس لەنامان حەوایێتەوە ، لە خۆمانی ئەزانین بەبێ گوێدانە ئەوەی لە شار و گوند و نەتەوەیەکی دیکەوە هاتبێ - لەگەڵ بەشی کاسبکار و ئاسایی خەڵکی سەقز تێکەڵ بوو ، بە تایبەت چێودار و کۆتاڵ فرۆشان و چاچیەکان بەوەی کەسپ و کارەکەی پێوەیانی گرێ دابوو . هەر لە سەقزیش ژنی هێنا و باوپیارەی حەمەی شامحەمەدی هاوڕێی مناڵێم بوو .

شتێکی فرە دەگمەن لە کوردەواری هەبوو ئەیش ئەوە بوو کە خەڵکی ئاسایی ملیان لە مل مەلاکان ئەنا و پرسیاری ڕەوا و بەجێیان لە مەڕ ئەو شتەی بە ناوی ئیسلامەوە دەرخوارددیان ئەدرا ، لێ ئەکردن و مەلاکانیش خوا هەڵ ناگری بە دڵێکی گاورە و فراوانەوە گوێیان لێ ئەگرتن و جار و باریش ئەبووە هەوێنی گاڵتە و خوەش ڕابواردن ، وەک ئەوەی کە حاجی مەجی سەلیم خەمێ لەل مەلا سەید حەکیمی مزگەوتی شێخ مەلا زاهیدی سەقزی کردی و لە ڕۆژانی

ڕەمەزان و مۆعیزەی مەلا کە ئەچووینە مزگەفت ، پاش بیستنی چیرکی هەڵبەستراوی برایم و سەربڕینی کورەکەی و هەناردنی بەرانێک لە بەهەشتەوە ، بە مەلای گوت کە واتە بەهەشت ئەشێ گەور و گەلەخان و کادێن و شوانێشی هەبێ . ئەوەیش لەم ڕەوتەدا مەلایەکی ئەبەزان لەناو خەڵکا پێان ئەوت مەلا بەزێن . لە ناو چێودارەکانا ئەم نازناوە درابووە نامێق کە ئاماژەیە بۆ ژیری و زانا بوونی و ڕێز لێ گرتنی و ئێمەی منالیچ دووپاتمان ئەکردەوە بە بێ ئەوەی بزانین هۆکەی چەس .

نامێق و برادەرەکانی هاتووچووی گەرمیانیان ئەکرد و چایی و کۆتاڵیان ئەهێنا و لە شارێک وەک سەقز ساخیان ئەکردەوە و باجی مشەخۆرانی ژاندارمری (ئەمنیە) شیان ئەدا . دەو دەمەی دا مۆڵگەی ژاندارمری بە کرێ ئەدرا بە چەکدارانی رژیمی قولیزادە و سەرچاوەی داهاتیان باج لە خەڵک و قاچاخچی سەندن بوو و ساڵانە ئانکو مانگانە دەبا ڕادەیەکی دیاریکراوی داهاتیان هەبێ . لە دوا کاری نامێق و هاوڕێیانی ، ئەوان باجە ئاسایی یەکەیان دابوو بە ژاندارە بوودەڵەکان کەچی سەرەڕای ئەم نەرێتە باو و زاڵە  ، بار و کەل و پەلەکانیان گرتن و تاڵانیان کردن . نامێق و ئەولمەجی و کورانی شوان ئەحمەد(نێکڕا ٩ کەس بوون) دەستیان دایە چەک و تۆڵە سەندنەوە لە ژاندارم . حەمە شەربەت کە لەگەڵیان بوو و فاتمی خێزانی کۆتاڵەکانی بە ناو شارا ئەگێڕا و ساخی ئەکردەوە ، ئەوەی نەکرد و وازی هێنا و وەک فریەکی تر ( حەمە چەتە . سەی عەتا ، سەی عەلی و سەی محەمەد و سەی کەریم و ساڵەی عەبەی خەیاڵ کە دواتر بوو بەجاش) خەریکی کاسبی دەس فرۆشی بوو لە سەقز و تەنانەت کورەکەشی چووە ریزی سپای عەجەم . دوای کوشتنی حەمە تاڵ ، دوو کچەکەیان دابوو بە دوو ژاندرم (یەکیان بە ڕەگەز تورک بوو ) و ئەوانیش لە سەقز گرسانەوە و دادە چکولەکەیان بوو بە خەلیفەی کاکە ئەحمەدی بابا شێخ و منالەکانیان هیچ بۆنێکی باپیرەیان لێوە نەدەهات . دیاردەی چەتە تا ئەم ڕادەیە لە شارێکی بچووکی ئەو دەم وەک سەقز تێکەڵ بە ژیانی ئاسایی خەڵک بووبوو .

ساڵانی شەڕی نامێق و هاوڕێکانی زۆری خایاند و ڕژیمە بوودەڵەکەی قولیزادەیان وەزاڵە هێنابوو . ئێواران چەکداری ڕژیم بە زرێپۆشێکەوە بەرەو سەرشیو ئەڕۆیشتن و دواتر ئەمان بیستەوە کە لە دەشتایێک ڕایان ئەگرت و وایان ئەنواند کە زرێپۆشەکەیان تێک چووە و خەڵکیان ناچار ئەکرد کە بە چراتۆرەوە دەورەیان بگرن و بیانپارێزن . ئێمەش (من و عوسمانی –تیری - حاجی مەجی هاوڕێی منالیم ) ئەچووینە بەر قازاخانە قامکمان ئەکرد بە کونی جێ گوللەکەی نامێق و بە جنێوی بوودەڵەی ژاندارم ڕامان ئەکرد . شەوێک هەواڵی شەڕی نامێقمان لە سەرشیو (کەچەڵمیان ) ئەبیست و دواتر ئەمانزانی کە هان لەم پەڕی گەورک یان فیزۆڵابەگی . لووتکەی شەڕەکانیش ، شەڕی خەیەر لە لای خوارووی سەقز بوو کە لە دەمەو ئێوارەیەکی پاییز دا پەلاری پادگانی سەقزیان دا . خەڵکی شار ، نەمازە هی گەڕەکەی نامێق (خیابانی ناوە پیسەکە) هەموو چوونە سەربان بۆ سەیری شەڕەکە و گەورەکان لەسەری ئەدوان و ئێمەی منالیش گوێمان لێ ئەگرتن . بۆ یەکەم جار وێکچوونی گەنەم برژاندن و دەسڕیژی شەست تیری عەجەمم بیست لە ڕابێ کورانە، یەک لەو خانمانەی  پەتاتەی کوڵیوی ئەفرۆشت لە ناوبازاڕ و هاوسێی ماڵی نامێق بوو . پادگان باسی خەساری خۆی هەر نەکرد لێ بۆ بەیانیەکەی تەرمی کەسێکان بە ناو شارا ئەگەڕان و ئەیان وت یەک لە چەتەکانە . دواتر خەڵکی خەیەر هاتن و گوتیان شوانێکی بەستەزمانی خۆیانە و وەریان گرتەوە و لای خۆیان بە خاکیان سپارد و هەڕەشەیان لێ کردبوون کە قرووقەپ بگرن و نەکەن باسی هیچ بکەن وەک گوێ بیستی بووین .

جارێک لە ناکاو هەواڵی ئەوە بڵاو ئەبووەوە کە نامێق هاتووەتەوە بۆ ماڵی حاجی شەریفی خەزوورەی و خەڵک و کاک عوسمانی مام ڕەحیمی گاریەچی هاوڕێم ئەوەندی دیکەیان پێوە ئەنا و هەواڵەکەیان خۆشتر ئەکرد . یەک دوو کەسی فسۆس ناویان دەرکرد کە کار بۆ عەجەم ئەکەن و بە دوای نامێقەوەن . نامێق شەوێک هاتە سەر یەکیان لە کەریم ئاوا و لای ماڵی کەڕەی کرێکاری دوخانیات (کە تەنیا لە گەڵ دایکی و ئاسکە جوانەکەیان لە بناری تەپەی ساڵح ئاوا ماڵیان کردبووەوە) لای دابوو . دوای ئەمە پای فەقێ ئەحمەدی لیفەدروو و میرزا قەڵەم کوڵەکەی مامۆستای – ک ڕ - لە سەرشیو بڕا و شەوانە لە ماڵی خۆیان نەئەنووستن.

ئەو شەڕە دەگمەنەی خەیەر هێمایەک بوو بۆ ئازایەتی و بوێری دەستەکەی نامێق کە بەو چەند کەسەوە و چەکی سووک پەلاماری ئەو دەزگا زەبەلاحەی ڕژیمان دا و بوو بە چیرۆکی سەرزاری خەڵک لە ڕۆژان و مانگانی دوایی . ئەمەیچ ئەچێتە ناو بازنەی گێرانەوەی سەرزارەکی مێژوو کە دیارەدەیەکی زەقی فەرهەنگی کوردە . لە منالیمدا فرەیەک لەم بابەتە گێرانەوە لە سەر جەعفەر ئاغای شکاک ، سمکۆ ، حەمە ڕەشی خان و گۆرانی تایبەتی "حەمە ڕەشی خان ، دوو قتوو لە گیرفان"، عەلی حەبیبی تیلەکۆ و هەوەتوو ، شەڕی جاقل و سەرا و بارزانیەکان ، بۆمبارانی کاتی شەڕی جیهانی دووهەم کە تێدا ئەولمۆمنی خزممان ( بەناوەکەی ئەشێ خەڵکی سنە یان تیلەکۆ بووبێت) بریندار بووبوو ، هەڵاتنی حەمەتاڵ کە زیندانی عەجەم و هتد، دەبیست . کاریگەری و گێرانەوەی شەڕی خەیەر وای لە من و عوسمان و فرەیەکی دیکە وەک ئێمە کرد کە بێژین کە گەورە بووین ئەبین بە چەتە وەک نامێق . ڕاوە ماسیمان ئەکرد و ماسیەکانمان ناو ئەنا و ئەوەی لە هەموویان گەورەتر بووایە ئەو ناوی نامێق بوو لامان .

ڕژیمی بوودەڵەی قولیزادە بە دەستەکەی نامێق نەئەوەستان و دۆش دامابوون . پەنایان بۆ شۆڕشی بارزانی برد . ئەوانیش فرە نامەردانە چوونە سەریان و بە باڵبەستراوی رادەستی سپای عەجەمیان کردنەوە . ئەمەشیان لە ئازایەتی نەبوو وەک دواتر خەڵکی شلێر و شەرشیوی سەروو ئەیان گێڕاوە نامێق شەڕی پێشمەرگەی نەکرد و ملی دا بە داواکەیان و خۆیان ڕادەستی ئەوان کرد . لە هێنانەوەی دەستەکەی نامێق بۆ سەقز کردیانە هەرا و بەزمی مەرگیان و لە ئێوارەیەک دا نامێقیان هێناوە بۆ قازاخانە . بە هەر هەوڵێک من خۆم گەیاندە ئەو و دەستم گرت بە پشتوێنەکەیوە . هێندێک باش و نەباشیان هێنابووە قازاخانە بۆ سووکایەتی کردن بە نامێق و ئەویش مێشێک میوانی نەبوو وەک هەمان خەڵک بۆخۆیان ئەیانگێڕایەوە . ڕۆژ ، ڕۆژی ئەو ناماقووڵانە ( موعتەمەد محەلی ) بوو کە پیاو و جاشی ڕژیم بوون .

نامێق و هاوڕێکانی گەر لە ئازایەتی بوێری و زانایی دا لە موراد شیرێژ فرەتر نەبان ئەوە چتێکیان  لەو کەمتر نەبوو . ئەحمەد توفیقی سەرکردەی حزبی دێمۆکڕاتی کونگرەی دووهەم ، مەلا عەبدوڵای مەلا عوسمانی پێشمەرگە و ئەندامی کۆنی کۆمەلەی ژ ک و خەڵکی بادینئاوێی نارده سەری و بردیانە لای خۆیان و دواتر وەک پێشمەرگەیەکی ئازای کوردستان شەهید بوو . ئائەمە دەبا چارەنووس و دواڕۆژی نامێق و هەڤاڵەکانی با . دواتر مەلا سەید ڕەشیدی هاوڕێم و ئەندامی کومیتەی ناوەندی دێمۆکڕاتی کونگرەی دووهەم و خەڵکی ناوچەکە – سەرشێو ، بۆی باس کردم کە ئەوان ئەو کات بەو ئەرکە ڕانەگەیشتن و نەیان توانی ئەوەی لەگەڵ موراد شیرێژ کردیان ، لەگەل دەستەی نامێقیش بیکەن و تا لایان کردەوە کار لە کار ترازابوو و حزبیش بۆخۆی تێک چووبوو و دەستی ئەوان بە سەر دەستی ڕژیمی قولیزادە لە ناو شۆڕش زاڵ نەبوو .

لە ڕۆژی گوللەبارانکردنی نامێق پادگان جاڕی دا بە ناو شارا کە بچن بۆ سەیری . جەنابی مستەفای کەیوان و شەهلایی زۆر هاواریان کرد کە بەری پێ بگرن و نەهێڵن خوێندکارەکانیان بچن بۆ ئەو شانۆی پیاوکوژیەی ڕژیم کە بێ کەڵک بوو و تەنانەت حەرام کردنی سەیرەکەش کاری نەکردە سەر خوێندکارەکان . ڕۆژی یەکەم سەرەی ئەولمەجی بوو لە سەقز . پیاوێکی دەستەپیاو وڕەشتاڵە و زیت و نەفس بەرز کە ئەوەی ناوی ترس و پەشۆکان لە دەمی دوایی ژیانا لە گۆڕەپانی گوللەباران بێت پێوەی دیار نە بوو . پیاوێکان (مەحمووی ئامۆزای) بانگ کرد ( شەوی پێشوو لە شەوگەڕی زەماندێکی گەڕەکەمان هەڵ ئەپەڕی) و چووە لای و دەستی لەملی کرد و بەگریانەوە هاتەوە ناو خەڵکەکە. ساڵانی دوایی لەگەڵ ئەو کاک مەحمووە دا پێکەوە کرێکاریمان ئەکرد لە دورستکردنی مزگەوتی کەریم ئاوا ، لە وچانێک دا بێلاسنەکەی وەک چەک نا بە شانیەوە و سیرەی لە کوورەخانەکەی حاجی مێهری گرت . لێم پرسی ئەولمەجی چێ وت بەر لە گوللەبارانەکەی . گوتی هیچ ، هەر ئەوەندە کە دوای گەردن ئازایی وتی گریانی ناوێ و بەس تەرمەکەم بشارەوە .

ڕۆژی دوای ئەولمەجی سەرەی نامێق هات و خێزانەکەی بە دەم شیوەنەوە لە ناوخەڵکەکە بوورابووەوە . کە هێنایان هەمان پیاوی کەڵەگەت و هێمن و بە جەربەزە . نازانم چۆن بوو ، بەڵام لە سەرداوای خۆی وتارێکی کورتی دا بۆ خەڵکەکە و رای گەیاند کە هێچ دوژمنایەتێکی لەگەڵ خەڵک نەبووە و دوژمنی ئەو تەنیا ژاندارم و پیاوانی ڕژیم بووە و داوای لێبووەردنی لە خەڵك کرد . ئەم وتاردانە لەو کاتەدا پڕ بە پڕ کاڵای باڵای نامێق بوو و لەوانەیە تەینا لە کەسایەتی دەگمەنی ئەو پیاوە ئەوەشایەوە . کابرای بوودەڵەی عەجەم کە دوا گوللەی ئەنا بە سەریەوە کەوتبوو لەرزە و پەشۆکان و بەرپرسە باڵاکەی شانی گرت و ڕای تەکاند و پاڵی پیوە نا بۆ ئەرکەکەی . ئەمەش بۆ ئێمە و خەڵکەکە هێمای ئەوە بوو کە ئەوان تەنانەت لە تەرمی مردووی نامێق ئەترسان و زراویان تۆقیبوو . لە مردنا بەرەو رووی قیبلە کەوت و زۆرێک وەک هێمای بێ تاوانی نامێق لێکیان ئەدایەوە . دواتر تەرمەکەیان برد بۆ سەر چەمی کانی نیاز و شۆردیان و لە گۆڕستانی کانی نیاز بە خاکیان سپارد . تەرمی ئەولمەجی لە کارێزە بە خاک سپێردرا .

وێنەگریی تەهامی لە سەقز چەند وێنەی لەو ڕۆژە و لە نامێق گرت و ڕۆژانی دوایی لە بەر پەنجەرەی دووکانەکەی دا بە گەورە کراوەیی دای نابوو . خەڵک و نەمازە ئی دە گوندان ئەو وێنانەیان ئەکڕی و لە ماڵا هەڵیان ئەواسی . لە کاتێک دا کە بیری سیاسی و کوردێنی و پێشمەرگایەتی لە تاریکستانی ڕۆژهەڵات شتێکی نەبوو و نەزانرا و نەناسیاگ بوو ، نەترسی و ئازایانە بەرەو ڕووی مەرگ بوونەوەی ئەولمەجی و نامێق بوو بە هێمای ئاکاری کوردانە و هەر ئەمەش بوو کە لای خەڵک و ئێمەومانان بەرزی کردنەوە ، جا با ئیتر وتاردانەکەی نامێق بوەستێ . چێرۆکی گوللەبارانی جووتە برای کوڕانی شوان ئەحمەد لە بۆکان تەواوکەری داستانی ئەم ئازایەتیە کوردانە بوو . ئەوان شەڕی ئەوەیان بوو کە براگەورە یان برا بچووک لە ڕێزی یەکەمی گوللە باران بێ و کامیان ئەوەی بە مافی خۆی ئەزانی کە یەکەم کەس بێت گوللەی بەربکەوێ و لەوەوە بچێت بۆ براکەی ، لە کاتێک دا کە هەرتک پشتاوپشت بە یەکەوە بەسترابوونەوە . ئاکاری ئەو مروڤە کوردانە هەڵپەی ڕژیمی قولیزادەی لۆ چاوترساندن پووچەڵ کردەوە و رەق لە ڕژیم و ڕێز بۆ قوربانیەکانی ئەو مرۆڤ کوژیە وەک ئاگری بن خۆڵە میش کاری خۆی کرد . کوڕێکی تری شوان ئەحمەد لە سەقز بوو و دووکانی وردەواڵەفرۆشی هەبوو . لە سەردەمی ڕاپەڕین یەکەم کەس بوو کە چەکی هەڵگرد . دواتر لە شەڕی دژی پادگانی سەقز لە تەپەی ماڵان ناپیاوانە لە پشتەوە بە یوزی تەقەی لێ کرا و شەهید بوو .

ده گۆڕەپانی سیاسی و کوردێنیێ دا داستانی عەلی بەگی شێرزاد لە بن پەتی سێدارە لە بۆکان سەر لە ئاسمان ئەسوێ . ئەو مێرخاسە لە بن پەتی سێدارەکەی دا شەق لە ئەفسەری عەجەم هەڵ ئەدا و تێی ئەخوڕێ "من ژنراڵێکم و تۆ ئەفسەرێک ، کوا سلاو و ڕێزی سپاییت " . داستان و ئەفسانەی شێرەژنەکەی سەقز و خوشکە لەیلا و تەوار و سەدان و هەزاران ژن و پیاوی میراتگریان کە بە بزە و پێکەنینەوە پەتی سێدارەی دڵ ڕەش و ڕەشپۆش و بیر ڕەشی داگیر رائەمووسن پێمان ئێژێ کە نەترسی و بەزاندنی مەرگ لە خوێنی کورد دایە و لە کاتی شکان و لە بن پەتی سێدارە و ئەشکەنجە ئەگەشێتەوە و ئەخەملێ و قانع واتاش بیری ئازادیمان لە زیندان فراوان تر ئەبێ و کونجی زیندانمان لێ ئەکاتە قوتابخانەی مێرخاسی و کۆل نەدان و بەرخوەدان . داری ئازادی بێکەسی گاورە لە کوردەوە و بۆ کورد هۆنراوەتەوە و کارنامەی مێژوویی مانە . جا با ئیتر کەس ئەو نەزانیەی نەبێتن کە خەڵک و مەردمێک هانا بە ژێردەست و هیوا پڕاو بزانێ .

داخم بۆ مەلا ڕەشی ئایچی و مامەشا کە لەگەڵ دێمۆکڕات بوو و گیرا و لە ژێر ئەشکەنجەی ساواکی سەقز شەهید کرا و تەرمەکەیان لە سەر چەمی سەقز بە بی نازی فڕی دابوو . پیرە شەمێی مامەشا و کەر و باری دۆکەی و گۆرانی"هەی شەمێ ماڵم شەمێ"مان ئەناسی لێ هیچمان لەمەلا ڕەشی نەئەزانی هەتا مەلا سەید ڕەشیدی حوسیەنی هاوڕێم لە شەونایەکی خۆی لە سەردەمی ڕاپەڕێن کە ڕۆژنامەکان داخرابوون باسی نەکرد کەس هەر ئاگاشی لێ نەبوو و هەتا ئیسەیچ وەک شەهیدێکی بێ ناز ماوەتەوە . خۆڕاگری و مەرگ بەزاندنی مەلا ڕەشی بەوە دەرئەکەوێ کە هیچ کەس لە پێوەندی لەگەڵ ئەو نەگیرا و ئەشێ گیانی ئازایەتی ئەویش لە ژێر ئەشکەنجە دا خەملیبێ و بە مەرگی خۆی بوودەڵەی ساواکی بەزاندبێ ، وەک هێمایەکی زەقی کورد بوون .

کاردۆخ

٢٠٢٠/١٢/٢٣